


# له نێوان ئامانجه ڕاگەیەندراوەکان و نیگەرانییە ڕاستەقینەکاندا

## پڕۆژەی ڕووناکی

فیدراسیۆنی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی

٠١ی گەڵاڕێزانی ٢٠٢٥

# ناوەڕۆک

پێشەکی: پرۆژەی ڕووناکی لە نێوان ئامانجە ڕاگەیەندراوەکان و نیگەرانییە ڕاستەقینەکاندا

یەکەم: بنەما، ئامانجی مێژگرد

دووەم: بنەمای دەستووری و یاسایی بۆ دابینکردنی خزمەتگوزاری

سێیەم: تێبینی و نیگەرانییەکانی پسپۆڕان، خاوەن ئەزموون و ڕێکخراوەکان

چوارەم: تێڕوانین و ڕوونکردنەوەکانی بەڕێوەبەرایەتی گشتی کارەبای سلێمانی لەسەر پرۆژەی ڕووناکی

پێنجەم: نیگەرانییە بنەڕەتییەکان

شەشەم: ڕاسپاردە و پێشنیازە کردارییەکان

ئەنجامگیری و پەیامی کۆتایی

فیدراسیۆنی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی

Home - فیدراسیۆنی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی

07719484805

# پێشەکی

فیدراسیۆنی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی، لە ڕێککەوتی (٢٠٢٥/٠٧/٠٩) لە هۆڵی ڕێکخراوی ئازادبوون لە شاری سلێمانی، بۆ ماوەی سێ کاتژمێر مێزگردێکی سازکرد. بە میوانداری، بەڕێزان (سیروان محەمەد، بەهرە حەمزە و لوقمان مەحمود، لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کارەبای سلێمانی. سەلام سەعید، بریکاری پێشووی وەزارەتی کارەبای عێراق، کامیل محەمەد بریکاری پێشووی وەزارەتی کارەبای هەرێم، سۆران قادر، شارەزای بواری کارەبا، جوانرۆ مستەفا، چالاکوانی مەدەنی، مەریوان محەمەد، خاوەنکار، هەردی فەتاح، خاوەن مۆلیدە و ئەندازیاری کارەبا، فازیل کەریم، ئەندازیاری کارەبا). ئەندامانی بەشداربوو، لە فیدراسیۆنی ڕێکخراوەکان پێکهاتبوون لە (شۆڕش ئەمین، بابان جەعفەر، ڕێباز غەریب، هەڵشۆ عبدالفتاح، هەژار بابان، کاردۆ ڕەزا، دڵسوز شەفیق، پێشەنگ محەمەد).

مێزگردەکە، بۆ تێگەیشتن و جەختکردنەوە لە خاڵە بەهێز و لاوازەکانی پرۆژەی ڕووناکی بوو. هەموو بەشداربوان کۆک بوون لە پشتیوانی هەر هەنگاوێک بۆ چارەسەرکردنی قەیرانی کارەبا، بەڵام بە دیدی ئەوان ئەم پرۆژەیە بە شێوەی ئێستای کۆمەڵێک کەلێنی بنەڕەتی و نیگەرانیی لەسەرە، بە تایبەت بەرزیی نرخ و نەبوونی شەفافیەت لە پرۆسەکەدا. ئەم ڕاپۆرتە تیشک دەخاتە سەر ئەو نیگەرانیانە و کۆمەڵێک ڕاسپاردەی کرداری بۆ حکومەت پێشکەش دەکات، کە پاڵپشتی هەموو هەوڵەکانی پێشخۆی دەکات کە بەم ئاڕاستەیە پێشکەشکراون. بە ئامانجی پڕکردنەوەی کەلێنەکان و گونجاندنی نرخەکان لەگەڵ بژێویی هاووڵاتیان.

# یەکەم: بنەما و ئامانجی مێزگردە کە و پرۆژەی ڕووناکی

## ١-ئامانجی پرۆژەی ڕووناکی

- تاوەکو کۆتایی ساڵی ٢٠٢٦ کارەبای ٢٤ کاتژمێری بۆ هەموو هەرێمی کوردستان دابیندەکرێت بەنرخێکی کەمتر لەپێشوو.
- کوردستانێکی پاکتر و تەندرووستر(نەمانی ژاوەژاو و پیسکردنی ژینگە لەلایەن مۆلیدە تایبەتەکانی گەڕەکەکان).
- ئاسانکردنی ژیانی ڕۆژانە (دەتوانیت هەر ئامێرێک لە هەر کاتێک بەکاربهێنیت).
- بەرەپێشچوون و پەرەپێدانی کوردستان (ڕەخساندنی هەل و مەرجی زیاتر بۆ پەرەپێدانی کارە بازرگانییەکان لە هەرێمی کوردستان)

## ٢- بنەما و ئامانجی مێزگردی فیدراسیۆن

- سەرجەم بەشداربووان، پرۆژەی پێدانی کارەبای ٢٤ کاتژمێری بەکارێکی نایاب و خەونێك دەزانن کەپێویستە کاری جدی بکرێت بۆ بەردەوامی و سەرخەستنی.
- ئامانجی چالاکییەکە، گفتوگۆکردنی خەڵکانی شارەزا، خاوەن ئەزموون و تایبەتمەند بوو، بۆ ڕوونکردنەوەی هەموو دیوەکانی پرۆژەکە و ئامادەکردنی ڕاسپاردە بۆ ڕایگشتی، لە پێناو درووستکردنی فشار لە حکومەتی هەرێم، بۆ چارەسەکردنی کەم و کورپیەکانی پرۆژەی ڕووناکی.

## دووەم: بنەمای دەستووری و یاسایی بۆ دابینکردنی خزمەتگوزاری

### ١- دەستووری هەمیشەیی عێراق (٢٠٠٥):

هەرچەندە لە دەستووری هەمیشەیی عێراق بە ڕوونی باسی "نرخی ڕەمزی" نەکراوە بۆ خزماتگوزارییە سەرەکیەکان، بەڵام چەندین ماددەی دەستوری ئەرکی دابینکردنی ژیانێکی شایستە دەخەنە ئەستۆی دەوڵەت و پێویستە گوزەرانی هاوڵاتیان لەبەرچاو گیرابێت. *ماددەی (٣٠) بڕگەی یەکەم :"دەوڵەت بۆ تاک و خێزان، زامنی کۆمەڵایەتی و تەندروستی و پێکهاتە سەرەکییەکانی ژیان، لە ژیانێکی ئازادی شکۆمەندانەدا دابین دەکات، کە داهاتێکی گونجاو و نیشتەجێیەکی شیاویان بۆ مسۆگەر بکات".

**لێکدانەوە:** "ژیانی شکۆمەندانە" و "نیشتەجێی شیاو" لە سەردەمی ئەمڕۆدا بەبێ کارەبا و ئاوی بەردەوام و بە نرخی گونجاو بەدی نایەن. بۆیە دابینکردنیان بەشێکە لەم ئەرکە دەستوورییە لەسەر شانی حوکمەت و دەوڵەت".

*ماددەی (٢٨) بڕگەی دووەم :"خاوەن داهاتە کەمەکان لە باج دەبەخشرێن، بە جۆرێک کە دەست نەخرێتە سەر کەمترین ئاستی پێویست بۆ بژێوی".

**لێکدانەوە:** ڕۆحی ئەم ماددەیە ئەوەیە کە دەوڵەت نابێت لە ڕێگەی باج و ڕسوماتەوە بارگرانی لەسەر بژێویی چینی کەم داهات دروست بکات. ئەم بنەمایە دەتوانرێت بۆ نرخی خزمەتگوزارییە بنەڕەتییەکانیش بەکاربهێنرێت.چونکە لە کاتێکدا خاوەن داهات کەمەکان لە باجی داهات دەبەخشرێن چۆن دەکرێت لە لایەکی دیکەوە بە شتێکی دیکە ئەرکی سەر شانی قورس بکرێت وەک نرخی بەکارهێنانی کارەبا کە لە کاتێکدا ناتوانرێت سەرپشک بێت لە نێوان ئەوەی بەکاری بهێنێت یاخود نا؟؟

### ٢- یاسای ژمارە (٦) ی ساڵی ٢٠٢١ یاسای وەزارەتی کارەبا لە هەرێمی کوردستان– عێراق:

بە گوێرەی یاساکە لە ماددە (٤) بڕگەی چوارەمدا هاتووە :"دیاری کردنی نرخەکانی کارەبا لە لایەن وەزیرەوە دەبێت، بە ڕەزامەندی ئەنجومەن و بەرزکردنەوەی بۆ ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێم، بۆ ڕەزامەندیدان لەسەری، بە مەرجێک ئەو بارودۆخ و گۆڕانکارییانەی لەسەر تێچووی کارەبا و بژێویی هاوڵاتیان ئابوری هەرێم ڕوودەدەن لە بەرچاو بگیرێن".

**لێکدانەوە:** ئەوی تێبینی دەکرێت دیاری کردنی نرخی کارەبا لە چوارچێوەی پرۆژەی ڕووناکی زۆرە، کاتێک بەراوردی ئەو وڵاتانەی دەکەیت کە داهاتی تاکەکەس تیایدا ١٠ جار لەهەرێمی کوردستان بەرزترە، هێشتا بەو ئەندازەیە نرخ بەرزنییە. کەواتە لە نرخەکاندا ئاستی بژێوی و سەرچاوەی دارایی زۆربەی هاوڵاتیان لە بەرچاو نەگیراوە.

ئەمە جگە لەوەی لە ڕووی یاساییەوە کارەکانی حوکمەتی کاربەڕێکەرە و کاری ئاسایی و کارگێڕی ڕۆژانەی هاوڵاتیانە و دەسەڵاتی سەپاندنی ڕسوم و باج و زیادکردنی کرێ و کردارە داراییەکان سنوردارە و جێگەی مشتومڕە لە ڕووی یاساییەوە.

### ٣- ڕێککەوتننامە نێودەوڵەتییەکانی تایبەت بە پاراستنی مافەکانی مرۆڤ:

*"مافەکانی مرۆڤ، بریتەیە لەو مافانەی کە ناتوانرێت بە بێ ئەوە، بڵێین مرۆڤەکان بە شێوەیەکی شکۆمەندانە دەژین"

عێراق بە هەرێمی کوردستانەوە وەک ئەندامێکی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی، چەندین پەیماننامەی تایبەت بە پاراستنی مافەکانی مرۆڤی پەسەند کردووە، کە بەسەر هەرێمی کوردستانیشدا جێبەجێ دەبن وە پێویستە لەسەر هەردوو حوکمەتەکە پێیانەوە پابەندبن. لە کاتێکدا کە حوکمەتی هەرێم، بە پێی پلانی هەرێمی بۆ پاراستنی مافەکانی مرۆڤ کە لە ئەیلولی ٢٠٢١ بڵاوکراوەتەوە و خۆی پێوە پابەندکردوە، لە ئاستی نێودەوڵەتیدا پێویستە هەوڵ بدات بۆ پاراستنی مافەکانی مرۆڤ بۆ ئەوەی هاوڵاتیانی بەشێوەیەکی شکۆمەندانە بژین.

*پەیماننامەی نێودەوڵەتی تایبەت بە مافە ئابووری، کۆمەڵایەتی و کولتوورییەکان (١٩٦٦)، کە عێراق لە ١٩٧١ پەسەندی کردووە، لە ماددەی ١١دا دان بە "مافی هەر کەسێکدا دەنێت بۆ گەیشتن بە ئاستێکی گونجاوی ژیان بۆ خۆی و خێزانەکەی، کە خانووبەرەی گونجاو لەخۆدەگرێت".

ئەرکی دەوڵەت لێرەدا سێ کوچکەیە:

١. **ڕێزگرتن:** دەوڵەتان و حوکمەتەکان نابێت خۆیان ببنە هۆی بێبەشکردنی خەڵک. لێرەدا بەهۆی گرانی نرخی کارەبا حکومەت هاوڵاتیانی خۆی ناچار دەکات بەرگەی تاریکی و ساردی و گەرمی بگرین لە پێناو پاراستنی خۆیان لە گرانی نرخی کارەبا.
٢. **پاراستن:** دەوڵەتان و حوکمەتەکان دەبێت ڕێگری لە لایەنی سێیەم (وەک کۆمپانیا تایبەتەکان) بکەن کە مافی خەڵک پێشێل بکەن، بۆ نموونە بە دانانی نرخی نادادپەروەرانە.
٣. **بەدیهێنان**: دەوڵەتان و حوکمەتەکانیان دەبێت هەنگاوی کرداری بگرنە بەر بۆ دڵنیابوون لەوەی هەمووان دەستیان بەم خزمەتگوزاریانە دەگات، ئەمەش پاڵپشتیکردنی نرخ بۆ چینە کەمداهاتەکان لەخۆدەگرێت.

## سێیەم: تێبینی و نیگەرانییەکانی پسپۆڕان، خاوەن ئەزموون و ڕێکخراوەکان لە میزگردەکە

١. داتاکان باسی ئەوە دەکەن، زۆرینەی بەشداربوان لە ئاستی یەکەم و دووەم واتە (١ تا ٨٠٠) کیلۆ وات کارەبا بەکار دەهێنن و ئەوەش بە نرخی پاڵپشتی کراوە، بەڵام قورسە بەکارهێنەر لەئاستی یەکەم و دووەم بمێنێتەوە و زۆرینەی بەشداربوان، دەچێنە ئاستەکانی سەروو ئەو ژمارەیە. ئەمەش واتە لانی کەم سەرو سەد و بیست هەزار دیناری مانگانە، ئەمەش لەگەڵ داهاتی تاکە کەس و سیستمی ئێستای مووچە و دۆخی بازاڕ ناگونجێت.

٢. پرسیاری جدی هەیە لە بەرزکردنەوەی نرخی کارەبا. بۆ نموونە نرخەکان لە ١٨ دینار لە پۆلی یەکەمەوە بۆ ٧٢ دینار بەرزکراوەتەوە، ئاستی یەکەم لە ٤٠٠ کیلۆ کۆتایی دێت، کاتێک لە سیستمی پێشوو، ئاستی یەک تا ٤٥٠ کیلۆوات بوو.
٣. لەم سیستمەدا خەڵکی داهات کەم و خەڵکی داهات زۆر وەک یەک بە ئاستەکاندا دەڕۆن، پێویستە ئەوەی لە ئاستی بەرز کارەبا بەکار دەهێنیت ڕەچاوی ئاستەکانی بۆ نەکرێت، بۆ ئەوەی بتوانرێت زیاتر پشتیوانی خەڵکی کەم داهات بکرێت.
٤. نرخی کارەبای پیشەسازییە گەورەکان پێوستە لەمەی دانراوە زیاتربێت، پیشەسازی هەیە ١٠ بۆ ١٥ مێگا بەکاردەهێنت، دەبێت ئەوان ناچاربکرێت زیاتر پارە بدەن، نەک هاوڵاتی کە دەڵین لە ٦٠٠ تا ٨٠٠ کیلۆ وات خەرج دەکات.
٥. نرخی کارەبای بازرگانیش دەبێت بە چەند تایپێک بێت، چۆن دەکریت فرۆشگایەکی کۆڵان و مارکێتێکی گەورە یان چیشتخانەیەک وەک یەک کارەبایان بۆ هەژمار بکرێت.
٦. پێویستە حکومەت بیر لە هەموو ڕێگاکان بکاتەوە بۆ دابەزاندنی ئەم نرخەی ئێستا، بۆ نموونە لە وڵاتێکی وەک ئوردن، ژمارەی ئامێری مۆبایلی دەستی خەڵک خەملێنراوە و پارەی ئەو وزەیەی بۆ بارگاوی کردنەوەی پێویستە (شەحن) لەسەر کۆمپانیاکانی پەیوەندییە، نەک خەڵک.
٧. دیاریکدرنی نرخ دەبوو کاری هەموو وەزارەتە پەیوەندیدارەکان بێت، نەک یەک تیم لە ئەنجوومەنی وەزیران. ئایە پرسیار لە وەزارەتی پلاندانان کراوە داهاتی خەڵک چەندە؟ بۆ ئەوەی بزانن مانگانە چەندی لێ وەربگرن بۆ کارەبا؟. ئەمان تەنها حسابی ئەوەیان کردووە کە کارەبا تێچووی چەندە و بەچەند بیفرۆشن خەرجییەکانی دەردەهێنێتەوە، ئەمە هەڵەیە چونکە خەڵک ناتوانێت ئەو پارەیە بدات.
٨. بەردەوام باسی ئەوە دەکرێت، کە ڕێژەی بەکارهێنانی کارەبا لە لای ٦٧٪ی خەڵک، لە نێوان ٦٠٠ بۆ ٨٠٠ کیلۆ واتە، ئەگەر ئەوە ڕاست بێت، کەواتە لە ٦٧٪ی خەڵکی ئێمە لە خوار ئاستی باشەوە دەژین، واتە دوو ئەمپێر و نیو کارەبارەیان پێویستە؟!، ئەو داتایە عەیبەیە بۆ حکومەت.
٩. دەرچوونی مۆلیدەکان لەسیستەمی پێدانی کارەبا بەهاوڵاتیان بە شێوەی یەکسەری، کێشەی گەورەی درووستکردووە و دەکات، هەم بۆ خەڵک چونکە ئەگەر کارەبا بڕا مۆلیدەکان نەماوون بۆ پاڵپشتی، هەم بۆ خاوەن مۆلیدەکان کێشەیە، چونکە لە پڕدا کرانە دەرەوە، لە کاتێکدا پارەیەکی زۆری خاوەن مۆلیدەکان لای خەڵکە وکە ئێستا دەزانن کارەبا دابین ناکەن، وەک پێویست پارەکەیان بۆ ناگەڕێتەوە.
١٠. ئەگەر ئەم پرۆژەیە خاوەنەکەی حکومەت بێت، هەموو دەعمی دەکەین و پشتیوانین، بەڵام زانیاریی هەیە لەسەر ئەوەی سێکتەری کارەبا لە دەستی حکومەتەوە بچێتە دەستی کەرتی تایبەت و لە خۆ ژێنییەوە لەسەر حسابی خەڵک بکرێتە کەرتێکی قازانج ویست بۆ چەند کۆمپانیایەک، ئەگەر وابێت چۆن دەبێ دامەزراوەی گشتی کە ئەو هەموو بودجەیەی لێ خەرجکراوە لە ڕابردوودا بخرێتە خزمەت کەرتی تایبەت.

١١.سەبارت بە زیادکردنی وزە لە ڕێگەی سۆلار، ئێمە هیچ ئامادەکارییەک نابینین، کوا پلانتان؟ چۆن کارئاسانی ئەکەن بۆ خەڵک لە بارەی گومرگ و کار ئاسانییەکانی تر، کوا کۆنترۆڵ لەسەر هێنانی مەوادی سۆلار، بۆ ئەوەی موادی خراپ داخڵ نەبێت، کوا ڕێکاری ڕوون کە ئەم بابەتەش مۆنۆپۆڵ نەکرێت بۆ چەند کۆمپانیایەک.

١٢.گەورەترین کێشە لەبەردەم مۆلیدەکان و هۆکاری گرانبوونی نرخی ئەمپێر، گرانی سووتەمەنی بوو کە لە ٧٥٪ی پارەکە دەچوو بۆ خەرجی سووتەمەنی، ئێ چۆن دەبێت ئێمە خۆمان خاوەنی نەوت و گازین، کە چی نرخی کارەبا بەو ئەندازەیە بەرزبێت، سەیری عێراق و ئێران و بکەن، نرخی کارەبا نزیکە لە بەلاش، بۆ چونکە سەرچاوەی وزەیان هەیە، لای ئیمە با هەرزان بێت نەک بەلاش.

## چوارەم: تێڕوانین و ڕوونکردنەوەکانی بەڕێوەبەرایەتی گشتی کارەبای سلێمانی لەسەر پڕۆژەی ڕووناکی

١. ئەم پرۆژەیە ڕێکخستنەوەی کەرتی کارەبایە لە بنیادنانەوە تا دابەشکردن و کەمکردنەوەی بەفیڕۆچوون و نەهێشتنی دەستدرێژییە، بە سیستمێکی نوێ. لەوانە بەستنی پێوەری زیرەک بۆ هەموو هاوبەشەکان بێبەرامبەر.
٢. گەڕانەوەی بەشێکی خەرجی کارەبایە بۆ حکومەت، کە ئەم ڕێژەیە تا ئێستا زۆر کەم بووە و خەڵکێکی زۆر پارەی کارەبای نەداوە. بە پێی ئامارەکان ساڵی (٢٠١٧)، حکومەت سی ملیار و پێنج سەد ملیۆن دۆلاری بۆ کارەبا خەرجکردووە، لە باشترین دۆخدا، تەنها پێنج سەد ملیۆن دۆلاری دەست کەوتۆتەوە. ئەمە لە کاتێکدا ئێستاش نزیکەی ملیارێک و نۆسەد ملیۆن دۆلار خەرج دەکات. ئەگەر داهات بەباشی بگەڕیتەوە، دەتوانرێت بەردەوام ئەم سێکتەرە ببوژێتەوە و چاکسازی تێدا بکرێت و پاڵپشتی ئەو کەسانەش بکرێت کە بە باشی کارەبا بەکار دەهێنن، کە بەپێی ئەوەی لە وەقایعی کوردستان بڵاوکراوەتەوە، (٢٦٥) ملیار دینار بۆ ئەم بوارانە دانراوە.
٣. لەهەردوو ئاستی یەکەم و دووەم، (١ تا ٨٠٠) کیلۆوات و (٧٢ تا ١٠٨ دینار)، پاڵپشتی خەڵک دەکرێت، چونکە نرخی یەک یەکەی بەرهەم هاتووی کارەبا بۆ یەک کاتژمێر (١٢٠) دینارە. جگە لەوەی لە وردەکاری پرۆژەکەشدا بڵاوکرایەوە بڕیارە لە دوومانگی یەکەمی هاوین، دوومانگی یەکەمی زستان) داشکاندن بۆ ئەو بەشداربوانە بکریت کە لە ئاستی ١ تا ٨٠٠ کلیۆوات بەکار دەهێنن.
٤. کۆتاییهێنان بە کێشەی بێکارەبایی، دوو کارەبایی و دابینکردنی کارەبای بەردەوام بە ڤۆڵتیەی تەواو.
٥. کۆژاندنەوەی (٣٢٠٠) مۆلیدەی کارەبا، تا کاتی بڵاوکردنەوەی ئەم ڕاپۆرتە لە هەموو هەرێم. جگە لە سوودی ژینگەیی، ڕاستەخۆ سوودی تەندرووستی هەیە، چونکە دەیان کەیسمان هەیە کە تووشی نەخۆشی بوون بە بۆنەی دووکەڵی مۆلیدەوە.
٦. کەمکردنەوەی بارگرانی لەسەر تۆڕەکانی کارەبای نیشتمانی و زیادکردنی ژمارەی هاوڵاتیان بۆ تۆڕی کارەبا، کە لە رابردوودا نەمانتوانیوە بەشداری نوێ وەربگرین.
٧. دابینکردنی کارەبا بۆ بەشێک لە پیشەسازی و بازرگانییە گەورەکان، کە بەردەوام داوای زیادرکردنی وزە دەکەن و نەمانتوانیوە بۆیان دابین بکەین. ئەوانیش هاونیشتیمانین و کارەکانیان بۆ ئابووری وڵات پێویستە، بۆیە خۆیان بە مۆلیدە کارەبایان دابینکردووە و ئەمەش هەم تێچووی زۆر بووە، هەم کیشەی ژینگەیی هەبووە. لە ئەنجامی ئەم گۆرانکارییانە، دەتوانرێت ئەو بۆشاییانە پڕبکرێتەوە. کە ئەمەش دووبارە سوودە بۆ داهاتی گشتی و کەمکردنەوەی کێشە ژینگەییەکانە.
٨. کارەکان بەپێی ڕاوێژ لەگەڵ شەریکەی ئۆلیڤەرمانی ئەمریکی کراوە، کەیەکێکە لە سێ باشترین کۆمپانیاکانی دنیا لە بواری راوێژکاری کارەبا.
٩. ئێمە لە پارێزگای سلێمانی، پێش داخڵ بوون بە پرۆژەی ڕووناکی، هەوڵی تەواوماندا بۆ گۆڕانکاری لە نرخەکان، کە هەموو دەزانن لەسەرەتادا نرخە ئەزموونییەکە ١٥٦ دینار بوو.
١٠. سەبارەت بە زیادکردنی بڕی کارەبا، **سێ ڕێگا دەگرینەبەر:-**

یەکەم: هەناردەی کارەبا بۆ عێراق کە نزیکەی ١٢٠٠ مێگایە، کەمی ئەکەینەوە، لە رابردوودا نەمتوانیوە خەرجییەکەی دابینبکەین بۆیە فرۆشراوە.

دووەم: لەو شوێنانەی کارەبا بووە بە ٢٤ کاتژمێر، لۆد بە ڕێژەی لە (٣٠٪)ی دابەزیوە، ئەمەش گەڕانەوەی وزەیە.

سێیەم: زیادکردنی تەولید، بە ڕێگای سۆلەر بە بڕی ١٠٠٠ مێگاوات، کە ئێستا لە قۆناغی وەرگرتنی ڕەزامەندییە.

١١.ئێمە لە ئێستادا ناتوانین ئەو گرێبەستەی ئامادەکراوە بۆ خاوەن مۆلیدەکان بڵاوبکەینەوە. چونکە وردەکاری زۆری تێدایە و ئاسان نییە، بۆ تیگەیشتن و پێمان وایە بەلارێدا دەبرێت. بەڵام هەر خاوەن مۆلیدەیەک کە دێت بۆ گرێبەستەکە، خاڵ بە خاڵی بۆ دەخوێنینەوە و لایەنی واژووکاریش، بەڕێوەبەری گشتی فەرمانگەکانی کارەبایە لە پارێزگاکان.

## پێنجەم: نیگەرانییە بنەڕەتییەکان

### أ. بەرزیی نرخ و کاریگەری لەسەر بژێویی هاووڵاتییان:

* نرخی ئێستای کارەبا لە پرۆژەکەدا بە بەراورد بە داهاتی کەم و مامناوەندیی خێزانەکان بەرزە.

* هیچ میکانیزمێکی ڕوون نییە بۆ پاراستنی خێزانە کەمداهاتەکان و چینە هەژارەکان.

* ئەم نرخە بەرزە دەبێتە هۆی بەرزبوونەوەی تێچووی خزمەتگوزاری و کاڵاکانی تریش (وەک دوکاندار و کارگە بچووکەکان).

### ب. کەلێن و لاوازییەکانی پرۆژەکە:

* نەبوونی شەفافیەت لە گرێبەست و میکانیزمی جێبەجێکردنی پرۆژەکەدا.

* پرسیار لەسەر لایەنی تەکنیکی و ژێرخانی تۆڕەکانی گواستنەوەی کارەبا، کە ئاخۆ بەرگەی ئەم بارە زیادەیە دەگرن.

* نەبوونی پلانێکی درێژخایەن بۆ پشت بەستن بە وزەی پاک و نوێبووەوە لەبری کەرتی تایبەت.

* مەترسیی دروستبوونی قۆرخکاری (monopoly) لە کەرتی کارەبادا لەلایەن چەند کۆمپانیایەکی دیاریکراوەوە.

### ج. پەراوێزخستنی ڕای گشتی و پسپۆڕان:

* پرۆژەیەکی ستراتیژیی وا گەورە، پێش ڕاگەیاندنی پێویستی بە ڕاپرسی و گفتوگۆی فراوانتر لەگەڵ شارەزایان و نوێنەرانی خەڵک هەبوو.

## شەشەم: ڕاسپاردە و پێشنیازە کردارییەکان

*بۆ چارەسەرکردنی ئەم کەلێنانە و سەرخستنی پرۆسەکە بە شێوەیەک لە بەرژەوەندیی گشتیدا بێت، ئێمە ئەم پێشنیازانە دەخەینە بەردەم حکومەتی هەرێمی کوردستان:

١. کەمکردنەوەی نرخی ئێستا، کە ڕەچاوی داهاتی تاکەکەسی تێدا نەکراوە و نرخەکان بەراود بە نرخەکانی پێشوو بە ڕێژەی ٤٥٠٪ و لە هەندێک ئاست بەرزکراوەتەوە، لە کاتێکدا خەڵک بەگشتی لە دوای ساڵی ٢٠١٤ و قەیرانەوە یەک لە دوای یەکەکانەوە داهاتی کەمی کردووە. ئێمە پێشنیار دەکەین نرخەکان بەم شێوەیە ڕێکبخرێتەوە.

| ئاستەکان بە کیلۆ وات بە سەعات | نرخ بە دیناری عێراقی | بەرزکردنەوەی نرخ، بەڕێژە | نرخی پێشنیارکراو بە دینار بۆ هەر ستێپێک | نرخی پێشوو کارەبا، پێش پرۆژەی ڕووناکی |
|---|---|---|---|---|
| kWh ٤٠٠-١ | ٣٦ دینار | ٪٢٠٠ | ١٤,٤٠٠ دینار | ١٨ دینار |
| kWh ٨٠٠-٤٠١ | ٤٨ دینار | ٪٢٠٠ | ١٩,٢٠٠ دینار | ٢٤ دینار |
| kWh ١٢٠٠-٨٠١ | ٨٤ دینار | ٪٢٠٠ | ٣٣,٦٠٠ دینار | ٤٢ دینار |
| kWh ١٦٠٠-١٢٠١ | ٢١٦ دینار | ٪٣٠٠ | ٨٤,٤٠٠ دینار | ٧٢ دینار |
| kWh-١٦٠٠+ | ٣٦٠ دینار | ٪٤٠٠ | | ٩٠ دینار |
| | | | | ١٨٠ دینار |
| | | | | ٢٤٠ دینار |

نرخی کارەبارەی ئێستا و ڕابردوو، نیشاندانی ڕێژەی بەرزکردنەوەی نرخ:

| ئاستەکان بە کیلۆ وات بە سەعات | نرخ بە دیناری عێراقی | نرخی پێشووی کارەبا بۆ هاوبەشانی ماڵان | نرخی پێشتر | بەرزکردنەوی نرخ بەڕێژەی سەدی |
|---|---|---|---|---|
| kWh ٤٠١-١ | ٧٢ دینار | kWh ٤٥٠-١ | ١٨ دینار | ٪٤٠٠ |
| kWh ٨٠٠-٤٠١ | ١٠٨ دینار | kWh ٩٠٠-٤٥١ | ٢٤ دینار | ٪٤٥٠ |
| kWh ١٢٠٠-٨٠١ | ١٧٥ دینار | kWh ١٥٠٠-٩٠١ | ٤٢ دینار | ٪٤١٨ |
| kWh-١٦٠٠-١٢٠١ | ٢٦٥ دینار | kWh-٢١٠٠-١٥٠١ | ٧٢ دینار | ٪٣٧٠ |
| kWh-١٦٠٠+ | ٣٥٠ دینار | kWh-٣٠٠٠-٢١٠١ | ٩٠ دینار | ٪٣٩٠ |
| | | kWh-٥٠٠٠-٣٠٠١ | ١٨٠ دینار | |
| | | kWh-٥٠٠١+ | ٢٤٠ دینار | |

٢. له ئەگەری بەهەند وەرنەگرتنی نرخە پێشنیارکراوەکان، وەزارەتی کارەبا، هەستێت بە پێکهێنانی لیژنەیەکی هاوبەش لە حکومەت، پسپۆڕانی سەربەخۆ و نوێنەری هاوولاتییان، بۆ دیاریکردنەوەی نرخی کارەبا، کە لەگەڵ دۆخی ئابووریی خەڵکدا بگونێت.
٣. وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی، پشتگیری خێزانی کەم دەرامەت بکات، له پارەی کارەبا و پاکتاوکردنی قەرزەکانیان.
٤. پاڵپشتی کردنی لە ٥٠٪ی پرۆژەکە لەلایەن حکومەتەوە، بۆ هاوڵاتی کەم دەرامەت و هەژار.
٥. بەهێزکردنی کوالێتی کۆنترۆڵ بۆ بەرزکردنەوەی کوالێتی ئامێرەکانی کارەبا، بۆ ئەوەی لە ڕێگەی بەرزکردنەوەی کوالێتی ئاستی خەرجکردنی کارەبا دابەزێت.
٦. وەزارەتی شارەوانی هەستێت بە ئامادەکردنی ڕیکاری نوێ بۆ دیزانی خانووبەرە، چونکە لەم دیزاینی ئێستای خانووبەرەدا ئاستی بە فیڕۆچوونی وزە نزیکەی لە ٣٠٪یە، ئەمەش تێچوو لەسەر حکومەت و تاک زیاتر دەکات، بۆ گەرمکردن و ساردکردن.
٧. وەزارەتەکانی ( پەروەردە، ئەوقاف، ڕۆشنبیری) بە ئەرکی هۆشیارکردنەوەی هەستن.
٨. پاڵپشتی و پشتیوانی ئەو بەشداربوانە بکرێت، کە خۆیان وزەی کارەبا بەرهەم دەهێنن، وەك لابردنی باج، پێدانی قەرزی درێژماوە.
٩. نوێنەرانی خەڵک لە ئەنجوومەنە هەڵبژێردراوەکان بە ئەرکی یاسا و چاودێری خۆیان هەستن بۆ پڕکردنەوەی کەلێنەکانی ئەم پرۆژەیە.
١٠.سوود لە حکومەتی عێراق وەربگیرێت بۆ پشتیوانی ئەم پرۆژەیە، لەڕیگای ئەو قەرز و پاڵپشتیانەی هەیە بۆ خەڵک و وەزارەتی کارەبا لە دابینکردنی سووتەمەنییەکان.
١١.بڵاوکردنەوەی وردەکاریی گرێبەستەکان، لەپیناو ڕوونی پرۆسەکە لای ڕایگشتی و بەدیهێنانی شەفافیەت تیایدا.

## ئەنجامگیری و پەیامی کۆتایی:

"ئێمە پشتیوانیی دابینکردنی کارەبای ٢٤ کاتژمێرین. داواکاری پرۆژەیەکی تۆکمە و دادپەروەرانەش دەکەین کە خزمەتی هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگە بکات، نەک ببێتە بارگرانییەکی نوێ لەسەر شانیان. هیوادارین حکومەتی هەرێم بە هەستیارییەوە مامەڵە لەگەڵ ئەم تێبینیانەدا بکات و هەنگاوی کرداری بنێت بۆ چارەسەرکردنیان، ئێمەش ئامادەیی خۆمان بۆ هەر هاوکاری و گفتوگۆیەکی بنیادنەرانە لەم پێناوەدا دەردەبڕین.

**ئەندامانی فیدراسیۆنی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی:-**

**یەکەم: ڕێکخراوەکان**

١. ڕێکخراوی هاریکاری یاسایی ژنان(WOLA)
٢. سەنتەری پەرەپێدانی دیموکراسی و مافی مرۆڤ(DHRD)
٣. ڕێکخراوی هەڵوێست بۆ چاوێری دامودەزگاکان
٤. ڕێکخراوی کوردستان بۆ هەموان
٥. ڕێکخراوی ماڵی سەرکەوتن بۆ گەشەپێدانی تواناکان
٦. ئەکادیمیای ژنان بۆ سەرکردایەتی لە عێراق
٧. سەنتەری گەشەپێدانی چالاکی لاوان(YADC)
٨. ڕێکخراوی ئازادبوون بۆ گەشەپێدانی بەردەوام
٩. ڕێکخراوی ئاران بۆ پەرەپێدانی کلتوری مەدەنی
١٠. ڕێکخراوی دابین بۆ گەشەپێدانی دیموکراسی و مافی مرۆڤ

**دووەم: چالاکوانان**

١. شۆڕش ئەمین
٢. ئاوات محەمەد
٣. قەیسەر ڕەحمان
٤. ڕوناک ڕەفیق
٥. سالار فەتاح
٦. فەرەیدون حەسەن
٧. کنێر عەبدوڵلا
٨. ئەشواق نەجیب
٩. بەختیار عبداللە
١٠. عالییە فەرەج